# بیرەوەریەکانی مامۆستا سەعید ناکام          ئەحمەد دەشتی

ئەو سەردەمانە واتە لە سالی 1965 دا  کە بۆ سێیەم جار بوو ئێزگەیٚ دەنگی کوردستانمان ئەمجارەلە ناوچەی بالەک لە پشت گوندی وەلاش لە بناری چیای سەکران لە کەناری گۆڕی مندالٚیٚ لە سەر لوکە بەرزەکەی کە دەروانێتە گوندی مێرگەو شارۆچکەی گەڵالە دامەزراند،ئەو دەمانە ناوچەی بالەک بەهۆی ئەوەی کە سەرکردایەتی بارزانی نەمر لەو ناوە بوو واتە زستانان لە دیلمان و قەسر و ماکۆسان بوون و هاوینانیش لە کوستانانی کۆدۆ لە ناوچەیحاجی ئۆمەران بوون،ئەو ڕۆژگارانە تەواوی ناوچەی بالەک هەمیشە دەکەوتە بەر هێرشی فرۆکەکانی دوژمنانی دڕندە و ڕژێمە دکتاتۆرەکەی بەغداوە و شەوو ڕۆژ فرۆکە بۆمبا هاوێژەکانییان دەناردە سەر ئەو دەڤەرەو  بە بۆمبای ناپالم و موشەک و تیزاب و  شەست تیرەکانیان ئەو ناوەیان دەکێڵاو زۆر دڕندانە پەلاماری ئاوایی و مەزرای گوندەکانی ناوچەی بالەکیان دەداو ئەو ناوەیان یەکپارچە دەکردە ئاگردانی گڕ ، شەوانە گەلیٚ جاران پەرەشوتە ڕۆناک کەرەوەکانیان هەلدەداو ئەو ناوەیان ڕوناک دەکردەوەو ئەوسا بۆمباکانیان هەڵدەرشت و زۆر نامرۆڤانە پەلاماری کوردستانیان دەدا.

سەرەتای پایزێکی تەژی هەوای فێنک و تازەبوو کە هێشتان  سەرماو سۆڵ دای نەهێنا بوو وەرزی بەهاری ڕەنگین و جوانیش بە تازەگی ماڵ ئاوایی لە ناوچەی بالەک دەکرد ئەو کاتەی کە ئامێر و کەل وپەلی ئێزگەکەمان بردە مندالٚیٚ و دامان مەزراند ئێمەتەنیا چوار کەس بووین کە تەواوی کارو بارەکانی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستانمان بە رێوە دەبرد و زۆر بە پوختی و لە باریەوە ئامادەی دەست بە کار بووین ، کە ئەو چوار کەسەش ئەمانە بووین: شەهیدی نەمر پرۆفیسۆر عەبدولخالیق مارفی هەردەم زیندوو و لە یادمان بەریز ئەندازیا کاک ئەمجەد عەبدولواحیدو هێژا مستەفا رابەر و ئەحمەد دەشتی بووین  و لە سەر بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش ئێزگەکەمان لەویٚ دامەزراند و تاقیمان کردەوە و ماوەی مانگێکی ڕبەق ئێزگەمان بە گۆرانی کوردی و عارەبی و تورکی لەو شوێنە دا تاقی کردەوە،بەپێی ورامی بروسکەکانی ئەو دەمانە لە ناوچەی بادینان و خانەقین و گەلیٚ شوێنی تری کوردستان بروسکەمان بۆ دەهات کە دەنگی کوردستان لەو شوێنانە بە باشی دەبیسترا ، پاشان لە دوای مانگێک تاقی کردنەوە و گۆرانی لێدان ،دەست بەکار بووین و بەرنامەکانمان لە دوای هاتنی سەیدا سالح یوسفی و هەڤالانی موزیع دەست پیٚ کرد، بڕیار وابو کە شەهیدی نەمر کاک سامی عەبدولرەحمان ببیٚ بە لێپرسراوی ڕاگەیاندن و بۆ چەند ڕۆژیٚ هاتە لامان کە هێشتان کەس نەهاتبوو بۆ ماوەیەکی زۆر کەم لەویٚ مایەوەو پاشان گەڕایەوە مەکتەب تەنفیزی لە لێوژە ، نەمر سەیدا سالح یوسفی کرا بە لێپرسراوی بەشی راگەیاندن و دەنگی کوردستانی عێراق و هاتەلامان ، ئەوسا هەڤالان وردە وردە هاتن بۆ لامان نەمران مامۆستا عوسمان سەعیدو دڵشاد مەسرەف  لە دوای هاتنی سەیدا سالح یوسفی ئەوانیش لە دەنگی کوردستان دامەزران ، پاشان  هەڤالانی تر هاتنە ئێزگەی دەنگی کوردستان و دەست بەکار بووین ،هەڤالانی وەک نەمر جەلاڵ عەبدولرەحمان کە بۆ

موزیعی تورکمانی و ئەلبێر خوری بۆ موزیعی عارەبی و سەعید ناکام نوسەر و نوری ئەتروشی موزیعی کرمانجی سەروو و پاشانیس سالح ئاکرەیی وەک موزیعی بادینی و عارەبی و پێش گواستنەوەشمان بۆ سەر دیمان هێژا جەلیل فەیلی بۆ موزیعی عارەبی هاتە ئێزگەو شەهیدی نەمر ڤەرەنسۆش بۆ بەرنامەی ئاسوری لە گەلالەوە ڕا دەهات ، ئێمە هەمومان ئەو دوا بەهار و پایزی ئەوساڵە کەپرمان لەگۆڕی گاجوتان ساز کردبوو لە وێ دەژیان بۆ بلاو کردنەوەی بەرنامەکان دەچوینە مندالێ کە لە سەرووی گۆڕی گاجوتان بوو ئێزگەمان کار پێ دەکردو بەرنامەکانمان زۆر سەرکەوتوانە بە زمانی کوردی و عارەبی و تورکمانی و ئاسوری بلاو دەکردەوەو تەوای هەڤالان بۆ جوانتر کردن و لە بارتر کردنی بەرنامەکان خۆیان زۆر ماندو دەکرد ، نەمر شەهید عەبدولخالیق مارف و تەوای بەشی هونەری ئێزگە شەوو ڕۆژ کارمان دەکرد بۆ چاکتر کردن و باشتر کردنی دەنگی زولالی کوردستان و گۆڕینی ئەنتێنای تازەو دانان و تازەکردنەوەی بەو شێوەیەی کە لە بار تر و باشتر دەبوو هەتا بڵێی دڵمان بە ئێزگەی دەنگی کوردستان شادو خەندان بوو ، تەوای خەلکی کوردستان زۆریان شایی بە ئەو دەنگە زولالەوە دەهات.

لەم ماوەیەدا سەفەری هەولێرم کرد بیرەوەریەکانی مامۆستا سەعید ناکامم دەست کەوت و خوێندمەوە زۆرم بەلاوە سەیر بوو کە مامۆستا سەعید ناکام وا بەو شێوەیە باسی ئەو دەزگایە گرنگەی ڕۆژگارانی سەردەمی شۆرسی ئەیلولی مەزن دەکات ، دەزگاو ماکینەکان بە چروک ناو دەبات و زۆر بە کەمی باسی ئەو دەزگا گرنگەی شۆڕسی ئەیلولی مەزنی کردووە و دەکات ، کە هیچ ڕاستیەکی بۆ نیە ، ئەو ئامێرەکانی دەنگی زولالی کوردستان لەو سەردەمانە دا بە چەپرەک و بێ کەلک ناو دەبات و بە کەم نیشانی دەداو زۆر بە بێ نرخی هەلی سەنگاندووە کە من پێم وایە ئەمە بۆ خۆی بە کەم زانینی ڕوانینی ناڕاستە بە رامبەر بە شۆڕسی ئەیلولی مەزن، بە تایبەتی نرخ نە دان بەو هەموو زەحمەت و ماندوو بوونی هەڤالان لە دەنگی کوردستانی عێراق و رێز نەگرتن و گێرانەوەی هەوڵ و خەباتی ڕابوردووی پڕ لە شانازی ، ناراستی گوتن وو بێ نرخ دانانی ئەو دەزگایەو هەر دەزگایەکی تر گوناهێکی تا بڵێی گەورەیەو ئەم گوناهەش لە ئەستۆی خودی ئەو کەسانەیە کە باسی لێوە دەکەن و بە ناڕاستی دەیگێڕنەوە و چەواشەی دەکەن.

کە چوومەوهە هەولێر گوتیان مامۆستا سەعید ناکام بیرەوەریەکانی خۆی بە چاپ گەیاندووە ، زۆرشاییم پێ هات و گەلێک گەرام تا لە کتێبخانەیەک لە هەولێر پەیدام کردو کڕیم و یەکسەر باسی دەنگی کوردستانم کە مەبەست بوو خوێنمدەوە، وام دەزانی ئەو نوسەرە مەزنە و بە ساڵا چووە تا بلێی شتی باشی پێیەو نوسیویەتی ، بە تایبەتی لە بارەی دەنگی کوردستانەوە و پێش خوێندنەوەی دڵم زۆر پێ شاد بوو بە کڕینی ئەو بیرەوەریانە، داخەکەم وا نەبوو ، مامۆستا سەعید ناکام لە بیرەوەریەکانی دا باسی سەردەمی سالی 1965ی ئێزگەی دەنگی کوردستان دەکات و دەلێت( شۆرشی کوردستان ئێزگەیەکی پێکەوە نابوو دەستەیەک نوسەرو بێژەرو وەستای کارەبای بۆ تەرخان کردبوو ، مەکینەکان کۆن و چەپرەک بوون و کەلکی کار کردنیان پێوە نەبوو ناردبویان لە دەرەوە مەکینەی

باشتریان بۆ بێت و بەر پرسی دەزگای ئێزگە سالح یوسفی بوو.لە سەری دەروات و دەڵێت:بردمیانە کەپرێک سالح یوسفی و کاک سامی ئەندازیار محمەد مەحمودی تێدابوو و دەڵێت:ئەوانەی کە لە وێ بوون وەکو لە بیرمە سەیدا سالح یوسفی و کاک سامی و هەژار موکریانی و هەردی شاعیر و شێمحەمەد هەرسینی و جەلال عەبدولرەحمان و نوری ئەترووشی و عوسمان سەعید و دڵشاد مەسرەف و محەمەد سالح ئاکرەی و ئەلبێر خوری و یەک دوانێکی دیکەو دەڵێت: ئێزگە ئیشی دەکرد و بەرنامەی رۆژانەی هەبوو بەلام کەلکی لێ وەر نە دەگیرا ئێمە لەو دارستانە بەرزەدا بوبوینە سەیرانکەر و بێ ئیش!!! هەندی ڕۆژ شۆڕ دەبوینەوە بۆ گەلالەو ئێوارانیش دەهاتینەوە ) بە داخەوە زۆر ناڕوایانە و دوور لە راستی دا دەلێت( لە پایز دا بڕیار درا ئێزگە بوەستێت تا ماکینەی تازەمان بۆ دێ،زۆربەی ئەو خەلکە دادەبەزینە مێرگەو دوو دوو و سێ سێ خانویان بەکرێ دەگرت ) نازانم مام ناکام بۆچ ئاوای نوسیوە کە وا قەت نەبووە، ئەو خەلکە هەموومان لە گۆڕی گاجوتان بووین ، نازانم مامۆستا سەعید ئەو هەموو ماندوو بون و هەولی هەڤالانی بۆچ وا بە کەم وەر گرتووە ؟ کە ئەو گۆتنانەی هیچ راستیەکی بۆ نیە، جارێ جگە لە مامۆستا عوسمان سەعید کە لە مێژبوو لە گوندی مێرگە بوو ئەوانەی تر کە سەر بە ئێزگە بوون هەمومان لە گۆری گاجوتان بووین و کەسیش بێ کارو سەیرانکەر نەبوو چونکە سەیرانکەران و بێ کاران لە ئێزگە دانەدەمەزران ، ئێزگەش هەرگیز ڕانەوەستا و قەت راست نیەکە لە بەر بێ کەلکی ئێزگە وەستێندرابێت ، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئێزگەوە تا ئەو رۆژەی کە بە هۆی گواستنەوە لە ئێزگە بلاومان کردەوە کە بۆ چەند رۆژێک ئێزگە دەوەستێت یێزگەی دەنگی کوردستان هەرگیز نەوەستاو هەر کاری دەکرد، هەموو ئەوانەی کە سەر بە ئێزگەش بوون لە گەل ئەو هەموو بۆردومانی شەوو رۆژیش بە سەرمانەوە قەت سەیرانکەرو بێ کار نەبووین و بە شەوو بە رۆژ کاری خۆمان دەکردو بە هەستێکی پاکی کوردانە و دڵسۆزانە هەولی خۆمان لە ئێزگەی دەنگی کوردستان زۆر سەرکەوتوانە دەدا و کاری خۆمان ئەنجام دەداو خۆمان ماندوو دەکرد ، ئێزگەی دەنگی کوردستانیش هەرگیز بێ کەلک نەبوو و مەکینەکانیش قەت چەپرەک نەبوون تەواوی خەلکی ناوچەی بالەک و هەموو ئەو شوێنە دوور دوورانەی وەک بادینان و ناوچەی خانەقین و گەرمیان و دەشتی هەولێرو قەرەداخ و ناوچەی سلێمانیش و تەواوی کوردستان شانازیان بە دەنگی کوردستانەوە دەکرد و گوێیان لێ دەبوو کە دەنگێکی زولال و راست و ڕەواو دوژمن تۆقێن بوو گەر قسەکانی مامۆستا سەعید راست بێت و دەنگی کوردستان ئاوا بوو بێت ئەی ڕژێمی عێراق بۆچی ئەو هەموو تەشوێشەی دەخستە سەر دەنگی کوردستانەوە ، ئەمەخۆی بەلگەیە بۆ ناراستی گوتراو ، ئەوەێ کەجێگەی داخە کە کەسانی وەک مامۆستا سەعید ناکامن کە رێز بۆ خەبات و تێکۆشان و ئەو هەموو ماندوو بوونەی هەڤالان و دەزگایەکی وا گرنگی رۆژگارانی شۆڕش و سەردەمی خۆی دا نانێن و ڕاستیەکان چەواشە دەکەن و ئاوا ڕێز لە خەبات و تێکۆشان ناگرن وا بە سوکی سەیری دەزگایەکی وا گەورەو بە نرخی شۆڕشی ئەیلولی مەزن دەکەن و ئەو دەزگایە بەبێ کەلکی لە بیرەوەریەکانی خۆی باس لێوە دەکات ، ئەو نوسینانەی کە

مامۆستا سەعید لە بارەی ئێزگەی دەنگی کوردستان لە بیرەوەریەکانی نوسیوە هیچ ڕاستیەکی تیا نیەو زۆر زۆر بە داخەوە کە ڕاستی نەنوسیوە و قەت ئاوا نەبووە کە ئەو فەرمویەتی .

مامۆستا سەعید ناکام لە باسی ئێزگەکەمان زۆر بە هەلە چووە من نالێم دەنگی کوردستان زۆر زۆر بە هێز بوو ، بەڵام هەرگیز بێ کەلک نەبووە وەک ئەو دەفەرموێ و نوسیویەتی و باسی لێوە دەکات ، مامۆستا سەعید لە جیاتی ڕێز گرتن لەو هەموو هەول و خەباتەی هەڤالان و دەنگی کوردستان دان بە قسەیەکی خێر بنێت بەبێ سودو بێ کەلکی دادەنێت کە ئەمەش گوناهێکی زۆر گەورەیە و رووی خۆی دەگرێتەوە ، ەوەی راستی بێت بەو شیوەیەی کە مامۆستا باسی لێوە کردوە وا نەبووە ، ماکینەی کارەباکانمان زۆر نوێ بوون ،کارەکانمان زۆر سەرکەوتوانە بە ڕێوە دەچوون، هەموومان قەت بێ کار نەبووین ، جهازی ئێزگەکەشمان بۆ ئەو ڕۆژگارانە زۆر شۆرشگێرانە بوو، خودی ئەو جیهازەی ئێزگەمان چوارسەد کیلو وات بوو لە گەلێ شوێنی دوور دووریش لە بەغداو بێروتیش دەبیسترا ، قەت بێ نرخ نە بووە وەک مامۆستا ناکام باسی لێوە دەکات و بێ نرخی نیشان دەدات ،دیارە مامۆستا سەعید ناکام گەلی شتی لە بیر چوەتەوەو لە یادی نەماوە و ئەو ئێستاش نە ئامێرەکانی ئێزگەی دی و قەت نەی بینی جونکە ئەو لەوێ تەنیا نوسەر بوو بەس .

لە شوێنێکی تر باسی هەندێ کەس وەک شیخ موحەممەد هەرسین و هێژا مامۆستا ئەحمەد هەردی دەکات کە گوایە لە ئێزگەی دەنگی کوردستان بووینە،ئەوەی راستی بێت ئەم دوو ناوە لە ئێزگەی دەنگی کوردستان وەک پێشمەرگە سەر بە ئێزگە قەت نەبوونە لە وانەیە بە سەردان هاتبن ، هەر وەها مامۆستا هەژاریش لە ئێزگە نەبو لە و سەردەمانە دا ئەو لە چاپخانەی خەبات بەر پرسیار بوو زۆر جاران دەهات بۆ لامان بەلام کاری وی لە لێوژە بوو کە ئەاونیش لە مێژ نەبوو هاتبوونە سورەبانی چاپخانەی خەبات ، هەروەها ماموستا سەعید ناکام دەلێت لە بەر بێ هێزی دەنگی کوردستان ئێزگەمان ڕاگرت تا جیهازی نوێ ترمان بۆ هات ، ئەمەش وا نەبوەو قەت ڕاستی بۆنیە ، ئێزگەمان لە بەر کەلک لێ وەر نەگرتن قەت نەوەستاوە و ڕاستی نە نوسیوە ، ئێمە ئەو دەمانە ئێزگەمان ڕاگرت کە ویستمان بگۆزینەوە ئەشکەوتەکەی سەر دیمان نەک ڕا گیرا بێ لە بەر بێ هێزی و بێ کەلکی وەک مامۆستا سەعید دەفەرموێ، ، دوای نەزیک بوونەوەی سەرماو سۆلی زستان بڕیار درا کە ئێزگە بگوازیتەوە شوێنی ئامادە کراومان لە ئەشکەوتەکەی سەردیمان ، وابو کە ڕامان گەیاند بە هۆی گواستنەوەی ئێزگەی دەنگی کوردستان بۆ چەند رۆژێک ئێزگەمان دەوەستێت، خانو بەرەمان بۆ بەشی هونەری و موزیع و پێشمەرگە حەرەسەکانی ئێزگەو سەیدا سالح یوسفی لەوێ دروست کردبوو ، ئێزگەکەشمان لە ناو ئەشکەوتەکەی سەردیمان دانا ، وەستانی ئێزگەمان لەو دەمانەدا کە مامۆستا سەعید ناکام باسی لێوە کردوە قەت بە هۆی کزی دەنگی ئێزگە نەبووە، مامۆستا ناکام زۆر بە هەلە دا چووە و ، تەنیا بۆ ماوەی سێ رۆژان ئێزگەمان ڕاوەستا تا بەو سێ رۆژە دامان مەزراندەوەو دەست بە کار بوینەوە کە دەنگی کوردستان لە یەک شەپۆلەوە بوو بە سێ شەپولی کورت و زۆر بە

ڕێک و پێکی کاری دەکردو تەنانەت وای لێ هاتبوو کە ڕژێم زۆر تەنگاو بووبوو بۆیەکە هانی هانی کردبوو بە تەشویش لە سەر دەنگی کوردستان ، بەلام بە هۆی کارامەیی و لێ هاتوویی شەهیدی نەمر عەبدولخالیقی هەردەم زیندو و هەڤالانی بەشی هونەری تا ڕادەیەکی زۆر بە سەر هانی هانیشدا زاڵ بووبووین و زوو زوو شوێنەکانی شەپولەکانمان دەگواستەوە و هانی هانی بە جێ دەما و خەلکیش بۆ ئەومەبەستە دوو ڕادیۆیان دادەناو لە هەوال و دەنگو باسەکانی شۆڕش بێ بە ش نە دەبوون.

دەمەوی لێرەدا ئەوەبلێم کە جێگەی داخە پرۆفیسۆر و زاناو مامۆستایەکی وە کو عەبدو لخالیقی هێژا و ئەمجەد عەبدولواحید و هەموو هەڤالانی بەشی هونەری ئێزگە زۆر بە دەگمەن باسیان لێوە کراوە کە ئەوان بڕبڕەی پشتی ئێزگەی دەنگی کوردستان بوون بە تایبەتی شەهید عەبدولخالیقی نەمر کە مامۆستا سەعید بە وەستای کارەبایان ناو دەبات و خەلکی تریش کە هیچ دەورێکی گرنگیان نەبووە لە ئێزگەدا زیاتری هەلسەنگاندوون و باسی کردوون ڕاستە کە دەلێن هەر کەس بە یاری خۆی دا هەل دەڵێت،پێشمەرگە ونەکانی کە هۆکاری سەرەکی بوینە لە دامەزراندنی دەنگی کوردستانەوە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان لە ڕۆژی 28.9.1963 را لە ئەشکەوتە ڕەشەوە بە تایبەتی شەهیدی نەمر و پرۆفیسۆری ئەلەکترۆن و ئەنتێنا شەهید عەبدولخالیق مارف کە هەرگیز مافی خۆیان پێ نەدراوەو وەک خۆیان کە هەبوونە باسیان لێوە نەکراوە و باسیان ناکرێت و بگرە هەر لە بیر کراون ، من پێم وایە هەموو ئەوانەێ کە مافی خەبات و تێکۆشانی دڵسۆزان و خەباتگێڕانی میللی ون دەکەن گوناهێکی گەورە و کارێکی زۆر ناڕەوایانە بەرامبەر خۆیان و ئەو کەسایەتیانەو تەواوی کوردو کوردستان دەکەن .

*

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET